

نەجات حەمید ئەحمەد

# شوێن و مانەوە

## گەڕان بەدوای بوونی مرۆڤ لە شوێن

**بەشی یەکەم**

بێگومان زانست و ئاین و فەلسەفە سێ دیدگای جیاوازیان هەیە بۆ بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی و لەم بوونەدا. بەلایەنی زانستەوە بوونی مرۆڤ ڕەخسانی گەشەسەندنە ئۆرگانی و نائۆرگانییەکانە لە چوارچێوەی نەشونماکردنی بایۆلۆژیدا لەم ڕووەشەوە بەدەیان تیۆر داڕشتراوە کە هەندێکیان دوور نین لە ئەگەری دروستبوونی مرۆڤ بە هەمان شێوەی بایۆلۆژی و فیزیکی لە لایەن هێزی نەناسراوی گەردوونەکانی دیکەوە. بەلایەنی ئاینەوە، مرۆڤ بۆ ئەرکێکی پیرۆز و گرنگ دروست کراوە لە لایەن خوداوە، کە ئەویش خواپەرستی و شایەتی دانە لەسەر بوونی خوا. بەڵام لە فەلسەفەدا ڕایەکی چەسپاو و باوەڕ پێ هێنراو نییە و هەموو ئەگەرێک دەخاتە بەر گومان و شیکردنەوەوە. کە زیاتر بەلای هۆکارە شاراوەکانی بوونی مرۆڤدا دەشکێتەوە لە بووندا. بەڵام فەلسەفەش کە دوور نییە لە ئاین و زانست و هەروەک ئەوان لەوانەیە پێویست بەوە بکات کە

نەگەینە دڵنیاییبوونێکی بێگومان و بێ بەرپەرچدانەوە لە هەموو ئەگەرەکاندا و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ فەلسەفەش دەچێتە گەردوونی هەمان بۆچوونە جیاوازەکانی ئاین و زانستەوە. بەڵام لە هەموو ڕوویەکەوە ئاین و زانست و فەلسەفەش ڕێ لەوە ناگرن کە مرۆڤ بە دوای چارەنووس و بوون و نەبوونی خۆیدا بگەڕێت. ئەم لێکۆڵینەوە فەلسەفی فیکرییە بەدوای پاساو و بێ پاساویەکانی بوونی مرۆڤدا دەگەڕێت لە چوارچێوەی بوونی گەردوون و بوونی شتە بەرجەستەکراوەکان و ئەگەری بوونایەتیی شاراوەی مرۆڤ لە بوونی دیکە و بوونی خۆیدا. هەروەکو چۆن گەڕانە بەدوای ئابڵووقەی شوێن لە بۆتەی ئابڵووقەی گەردوونی و سنووردارییی شوێن لە لای مرۆڤدا.

**١- مرۆڤ و شوێن**

تاقە ڕێگەیەک بۆ شیکردنەوەی شوێن بۆ مانەوەی مرۆڤ لەم هەسارەیەی کە بە هەزاران ئەستێرە و مانگ لەخۆ دەگرێت زەوییە. زەوی لە دووری و ڕێژەی دووریی لە خۆرەوە کە نە ئەوەند گەرمە ژیان لە ناو بەرێ و نە ئەوەندەش ساردە ژیان لە ناو بەرێ. زەوی خاوەنی ئاوە و فەزاکەشی بە ئۆکسجین تەنراوە و لە دەرەوەی خۆشی بەگازی ئۆزۆن ژیان دەپارێزێ لە تیشکی جیاوازی ئەستێرەکانی دەوروبەری، خاکەکەشی بەخۆڵێکی بەپیت دروست کراوە کە شیاوە بۆ ژیان. هەموو ئەم سیفەتانەی کە زانیت ڕۆژ بەڕۆژ نهێنیی زیاتری لێ دەدۆزێتەوە. کۆمەڵێک خەسڵەتن، کە دەتوانین بە تێڕوانین بۆچوونێکی مرۆییان لە قەڵەم بدەین و هیچی تر، واتە تێڕوانینێکن پەیوەستن تەنیا بەمرۆڤەوە نەک بە تێڕوانینی هیچ بوونێکی شاراوەی دیکەوە. بەلایەنی ئاینەوە زەوی یەکێکە لە بوونە دروستکراوەکانی خوا کە بۆ مرۆڤ خۆش کراوە و ئەو خەسڵەتانەی بەخۆوە گرتووە، پاش ئەوەی مرۆڤ لە قسەی خوا دەردەچێ و دوور دەخرێتەوە لە بەهەشت و سزای مرۆڤ دوورخستنەوەیەتی بۆ زەوی. لێرەدا گرنگە لە هەردوو تێڕوانین ورد بینەوە تاکو بزانین ئاخۆ ئەم بۆچوونانە تا چ ڕادەیەک لەگەڵ بوونی مرۆڤ لە زەویدا دەگونجێن و چۆن ئەم گونجاندنەش لە ڕووە عەقڵی و فەلسەفی و فیکرییەکەوەی مرۆڤی لەسەر ئەم زەوییە هێشتووەتەوە؟.

سەرەتا ئەم خەسڵەتانەی نێوان شوێن و مرۆڤ گومانی تێدا نییە خەسڵەتی وێک گونجاون لە نێوان مرۆڤ و شوێن بەو دیدگایەی کە مرۆڤ لەسەر بوونی خۆی هەیەتی نەوەک وەکو هەموو ڕاستییەکانی بوونی ئۆرگانی و نائۆرگانیی شتەکان، نەوەکوش وەکو بوونی بەرجەستەییی گەردوونی بەشێوە بەرفراوانەکەی، بەڵکو تەنیا تەنیا بەلایەنی

مرۆڤـەوە ئەوە مـرۆڤ خۆیـەتی دەیەوێ خـۆی و شـوێنەکەی بـەرەو تێڕوانـینێکی سـەرەتاپایی بەرێت کـە هەمـوو نهێنییـەکـانیشی ئاشکرا بکات. لە زانسـتـدا هەروەها لە ئایندا شـوێن بەربەستێک نییە لە بەردەم مرۆڤ کە خۆی وەکو شوێنێکی ئابلۆوقەدراو بنوێنێ، لەو کاتەی ئاین مـرۆڤ بۆ دۆزینەوە هـان دەدات و زانسـتیش هـیـوای گـەورەی پێـشکەوتنـی عـەقڵ و تەکنۆلۆژیا بەمرۆڤ دەبەخشێ لە دەرچوون لە شـوێن و کوشـتنـی ئەو هەسـتەی کە لە لای مرۆڤ هەیە، بەوەی ئەو لەسەر ئەسـتێرەیەکی بزری نێو گەردوون دەژی و تاکو هەر لەوێش کۆتایی پێ دێت. بەڵام تاکو ئەمڕۆ زانست دیدگایەکی فیکرییانەی تێدا دروست نابێت بۆ شـوێن بەڵکو هیـچ جێگرەوەیەکی ئایندەیی شـوێنی بۆ ژیانی مـرۆڤ لە ژێر دەسـتدا نییـە و هەمـــوو هەوڵەکـانی مـانەوەیە لە شــوێن، چونکە دۆزینەوەکـانی تاکـو ئەمـڕۆش هـەر لە سنوورەکانی ئەستێرەی زەوی و دەوروپشتیدا دوورتر نەکەوتووەتەوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ لە زانستدا هێشتا ئابڵـووقەی شـوێنی لەسـەرە، ئەو یاری بەشـوێنەکانی مـرۆڤ دەکات لەسـەر هەمـان خـاک و هەمـان ئاسـمـانی سنوورداری خـاک و دەرچوونی بۆ نییـە، چونکە گەر بە پێوەرەکانی زانستیدا سەیری گەردوون بکەی و دوورییـەکانی نێوان هەسارە و شـوێنەکـانی دیکە بخوێنینەوە نەک ترسێکی پڕ لە غوربەت گـیـانمان دەگرێتـەوە، بەڵکو هەسـتێکی نائومێدیش عەقڵمـان داگیر دەکات. کاتێک ئەو ڕاستییـەش دەزانین کە هەمـوو دەرچوونەکانی مرۆڤ بەرەو مانگ و مەریخ و زوهرە، وەکو تاکە زیوانێکە لە نێو دۆڵێک لە گـەنمدا، کاتێک ئەم ڕاسـتـیـیـەش لەگـەڵ سـەرەتاکانی ئامادەبوونی مـرۆڤ لەسـەر زەوی بەراورد دەکـەین وەکـو بـەراییـیـەکی یا سـەرەتایەکی لە خـەیاڵ دروسـتکراو، بـۆمـان هەیە بپرسـین هـۆکـاری دووری و نەشـیـاو و نەتوانینـەکـانی مـرۆڤ لە جـێ هێـشـتنی شـوێن و مـانەوەی لە شـوێنێکی ئابڵـووقەدار چی دەگـەیەنێ؟ بێگومـان ئامـادەبوونی مـرۆڤ لـەسـەر خودی ئەم زەوییە لە گۆشەیەکی یا کونجێکی ئەم زەوییە بێهوودە نییە و مانەوەی پەیوەستە بە دروسـتبوونی خودی زەوییـەوە وەکو گریمانێک و لە پاشانیشـدا بوونی ناسەرەتاییانەی مـرۆڤـە لە بوون، کـەواتە بوون لـە قـەبارە و بارسـتـاییـیـە ئۆرگـانیـیـەکـەیدا یا لـە بوونە بەرجەستەییەکەیدا بوونی شوێنە، شوێنێک کە دەربڕین لە بوونایەتییەکانی خۆی دەکات و مەرجەکانی ژیانیشی لە مانەوەدا بەسەر دەسـەپێنێ، ئەو مەرجانەش لە هەموو حاڵەتەکاندا ڕێکەوتی ئۆرگانی دروسـتیـاتی نەکـردووە و هۆش و توانا و هێـزی ئۆرگـانی بۆی نییـە لە هەمـوو حاڵـەتەکاندا بە تـایبەتی هیچ نـەبێ لە حاڵەتی مانەوەی مـرۆڤـدا عەقڵێک بێت دەرک بەخـۆی و دەوروپشـتی بکا و یاسـاکانی عـەقڵـی خـۆی مـرۆڤـی لێ بخـوڵقـێنێ، کە ئـەمـەش

دەریدەخات پێشبینی و ڕوونکردنەوەیەکی زانستی بۆ بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی پێشبینی و ڕوونکردنەوەیەکی ئەفسانەییە سەد لە سەد. بەو پێیەی گەر مرۆڤ لە پێنج هەزار ساڵدا لە ڕووی بایۆلۆژییەوە تاوی گەشەسەندنی بەخۆوە نەبینیوە لە ڕووی کاردانەوەکانی ئاستەمە لە ملیۆنەها ساڵیش گۆڕانکاریی بایۆلۆژیی بەخۆوە بینیبێ، کەواتە بوونی مرۆڤ بوونێکی کامڵ بووە چونکە شوێنیش شوێنێکی کامڵ بووە و بەقەد سەری نووکە دەرزییەکیش لادان و ڕێکەوتی بەخۆوە نەگرتووە و زەوی سەردەمی شڵەژان و کەف و کوڵی خۆی و گۆڕانە فیزیکییەکانی خۆی کۆتایی پێ هێناوە و ئەوە مرۆڤە خەریکە لە لایەنی تێکدانی شوێنەوە نزیکە لە هێنانەوەی تووڕەیی و کەف و کوڵەکانی زەوی. هەر لە پیسکردنی زەوی بە هێزی ئەتۆمی و یۆرانیۆم، هەر لە تێکدانی چینی ئۆزۆن و کاریگەریی لەسەر دەریا و سروشتی خاک و باران و نەخۆشییەکان و دروستبوونی ڤایرۆسی نوێ، هەر لە هەڵکۆڵینی بەردەوامی زەوی و خولقاندنی ژینگەیەکی پیس لە کارگەکانییەوە و هەر لە پاشەڕۆی پیشەسازییە کیمیاییەکان... هتد. کەواتە بەپێی ئەم ڕاستییانە زۆر سەیرە مرۆڤ تەمەنی لەسەر زەوی و لە شوێندا بۆ ملیۆنەها ساڵ بگەڕێندرێتەوە، کەچی پێشکەوتنی زۆر خێرای مرۆڤ بە هەموو پێوەرە زانستی و فیکرییەکان بۆ سێ سەد ساڵێک بگەڕێتەوە. ئەم دوو ئامادەبوونەی مرۆڤ پەیوەست بە شوێن و عەقڵەوە دژ بەیەکە و تەنیا ملیۆنێک ساڵ یا تەنانەت چارەکە ملیۆنێک ساڵیش بۆ پێشکەوتنی عەقڵی، گەر بەم پێوەرە لێکی دەینەوە و ئێستا دەبوایە مرۆڤ خاوەنی دەیان شوێنی زۆر دوور بوایە لە گەردووندا، جگە لەمانەش مێژوو و کولتووری مرۆڤایەتیی مێژوو و کولتووری شەڕ بووە، مێژووی مرۆڤ هەموو بەسەرهاتەکانی هەر چیرۆک و دەسنووسی شەڕن و کۆنترین دەسنووسەکانی بە پێوەریبوونی مرۆڤ بە پێی لێکدانەوەی زانستی چەند چرکەیەکە، کەواتە مرۆڤ لە ملیۆنەها ساڵ لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی گەیشتە کوێ، گەیشتە ئەو خاڵەی کە پێمان بڵێ مرۆڤ لە دەیان ساڵی دیکەدا دەگاتە فلان ئەستێرەی هەسارەکەمان؟! پەراگەندەییەکەی زۆر لە شیکردنەوەی مێژوویی بایۆلۆژی و تواناکان و گەشەسەندنەکانی مرۆڤ هەیە پەیوەست بەزانستەوە، ئەمەش ڕاستییەکە و شوێنی گومان نییە، هەموو هەوڵێکی زانستیش بۆ دوورخستنەوەی مرۆڤ لە واقیعی خۆی تەنیا کارەساتی ئایندەیی بەدواوە دێت کە مرۆڤ هەر خۆی بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرێت و ناشتوانێ لێی پەشیمان بێتەوە یاخود ئاراستەکەی بگۆڕێتەوە. لەم پێشەکییەوە دەچینە خاڵە گرنگەکانی پەیوەستی مرۆڤ بەشوێنەوە وەکو هۆکاری مانەوە و...:

## ١- مرۆڤ و گەڕان بەدوای شوێن

مـێـژووی پەرەسـەندنی گـەڕان بـەدوای شـوێن لە ناوچەیەکی داخـراوی بچـووکـەوە بۆ نـاوچەیـەکی بەرفراوانتر دەچێ، هەموو جەنگەکانی مێژوو گەڕان بووە بەدوای شوێنێک کە مرۆڤ لە سروشت و ژیانی ئاسایی خۆی دەرگا و دەرگاکانی بەختەوەریی لێ بکاتەوە، ڕۆمانەکان، موسڵمانان، عوسمانییەکان، فارسەکان، تەتەر و مەغۆلەکان، گۆتییەکان، مـیـدییـەکـان، ئاشـوورییـەکـان. ئاخـۆ جگە لە دەوڵەمەندی و ژیان و دەسەڵات هیچ شتێکی دیکە لە پشتەوەی ئەم فراوانبوونەوەیەدا هەبوونە، ئاخۆ ئامانجە ئایدۆلۆژی ئەتنی و ڕەگەزایەتییەکان بەس بوون بۆ گەڕان بە وڵاتان و داگیرکردنیان؟ لە ڕاستیدا بازنەیەکی بزر هەیە لەم گەڕانانەی مرۆڤ لە شوێندا، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانییەوە کە ئەشکەوتی جێ هێشت و گوندی دامەزراند و پاشان شار و پاش ئەوەش وڵات و ئینجا ئیمپراتۆریا و دەسەڵاتە فراوانەکان، جۆرێک لە مێژووی ساختە و کۆمێدی و ناواقیعی دەنوێن، گەڕانی مرۆڤ تەنیا بۆ ئەو هۆکارانە نەبووە، بەڵکو لە پشتەوەی هەموو گەڕانەکانیدا، مرۆڤ بەدووی خۆیدا گەڕاوە، بە دووی شوێنێک کە لە خاکدا نییە و لە عەقڵ و دەروونی خۆیدا هەڵی گرتووە، بۆ ڕزگاربوون لە تیرۆر و تۆقاندن لە مانەوە لە تەنیا یەک سنوور و یەک ناوچە و هەروەک ئەوەی چارەنووس حوکمی کۆتایی خۆی دابێ و چارەنووسی مرۆڤیش هەر ئەوە بێ لە دەرەوەی



نهێنییەکانی ئامادەبوونی خۆی لە شوێندا وێڵ و سەرگەردان بێ و شوێن لە لایدا ببێتە زیندانێک بۆ مردن، هەر بۆیە مرۆڤ لەو کاتەی ولاّتانی تەی کردووە و داگیریانی کردووە و گەڕاوە. لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکیی دەرچوون بووە لەو چارەنووسەی شوێن بۆی دیاری کردووە، لەو چارەنووسەی کە دەسەڵاتی خاک بۆی دیاری کردووە، کە دەسەڵاتی خاکیش مانای دووربوونە لە نهێنییەکانی بوونی خۆی، زۆرن ئەو شوێنانەی دەربڕین لە هەوڵی مرۆڤ دەکەن بۆ مانەوە و زیندوویەتی، فیرعەونەکان کاتێک کە ئەهرامەکان دروست دەکەن و لە شوێندا جێگیر دەبن، بەتەواوی باوەڕیان بەوە هەیە کە ئیتر ئەوانن خواوەندی سەر زەوی و لە پشتەوەی ئەواندا نە شوێنی دیکە هەیە و نە خوای دیکە هەیە کاتێک مەغۆلەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگیرسێنەوە و باوەڕەکانیان هەڵدەگرنەوە، ئیرادە و خەونی دێرینیان بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی بوونی خۆیان کۆتایی پێ دێن، چونکە لە باوەڕیاندا کە بەلایانەوە باوەڕی کۆتاییە ئیتر شوێن لە دەروونیاندا دەمرێ، شوێن وەکو باوەڕ و ئایدیال هێزی مانەوەیان پێ دەبەخشێ، ئەوان لەوپەڕی ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاستەوە وەکو گەڕیدەیەکی نەوەستاو و گەڕۆک دێن و ولاّتان و شاران دەگرن لە باوەڕ و بیریان دەکۆڵنەوە وەکو ئەوەی شوێنی هەموو نهێنییەکانی مرۆڤی لە ناخدا بێ و ئەوان هەر دەبێ بگەنە ئەو شوێنانەی کە وێنەکانی خۆیان تێدا دەدۆزنەوە بەوەی واز لە وێنەی خۆیان بێنن. ڕۆمانەکان کاتێک قودس دەگرن وەکو بڵێی گەیشتبێتنە کۆتایی خەون و گەڕانەکانیان، وەکو ئەوەی هەموو گەڕانەکانیان بۆ ئەوە بوو نهێنیی شوێن و خۆیان و بوون لە وێدا دەدۆزنەوە، کاتێک یەهوود فەلەستین بەخاکی بەڵێن پێ دراوی خۆیان دەزانن و لە هەموو دنیادا ئەوێ هەڵدەبژێرن ئەوان بەتەواوەتی دەگەنە ئەو باوەڕەی کە ئەوان بەرەو سەرەتاکانی بوونی خۆیان دەگەڕێنەوە و ئەو شوێنە بەلایانەوە کۆتاییی گەڕان و پەرتبوونە مێژوویی و کارەساتەکانیانە و تاکو ئەمڕۆش بەدوای سنوورە مێژووییەکانی شوێنی سەنتەری خۆیان دەگەڕێنەوە.

کاتێک ئاشوورییەکان دێنە کوردستان، لە خاکێکی ڕووت و تەختەوە بەرەو خاکێکی پڕ لە چیا و بەرزاییدا نیشتەجێ دەبن، ئەوان شوێن بۆ خواوەندەکانیان دەدۆزنەوە، چونکە شوێن لە باوەڕی ئاینیانەوە لەگەڵ خاک و جوگرافیادا گونجاوە..... هتد کەواتە لە هەموو ئەم بەسەرهاتە بەردەوامانەی چوار هەزار ساڵی ڕابردووی مرۆڤ چیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە؟

١- شوێن بەتەنیا شوێن نییە بۆ ژیان، بەڵکو شوێن مۆرکێکی فیکری و فەلسەفی و مێژوویی و تیۆلۆژی و ئاینیی لە خۆ گرتووە، لەوەش زیاتر گەوهەری هەموو ئەم مۆرکانە

هەوڵی مرۆڤە بۆ گەڕان بەدوای نهێنییە سەرەتاییەکانی خۆی کە لە بەهەشتەوە هاتووە بۆ زەوی وەکو سزادان و دوورخستنەوە و مرۆڤ لە ناخەوە ئەم هەستە ئازارێکی ناهۆشیاریی بیرکردنەوەی دەدات، کاتێک وێنەی خۆی دوور لە نهێنییەکان و دوور لە خواوەند دەبینێتەوە هەروەک دەبینین گەوهەری هەموو ئاینەکانی مێژوو نزیکبوونەوەیە لە خودا، نزیکبوونەوە و هیوا خواستن بۆ هاوبەشیکردن لە نهێنییەکانی بوون و هیوا خواستن بۆ گەڕانەوە بۆ شکۆمەندییەکانی هێز و پەرجوو خوڵقاندن. ئەوانەش جێگیر دەبن لە شوێندا هەر لەو شوێنەدا خواوەندی خۆیان دروست دەکەن و پیرۆزترین شوێنیش لە لایان ئەو شوێنەیە، کە خواوەندی لێیە نهێنیی گەڕانەکانی مرۆڤ لە کوشتن و خوێن ڕشتن و گەڕانی بەردەوامی لە وڵاتان بۆ جێگیرکردنی خواوەندێک بووە لە ناخی خۆی و تەسلیمبوونی ئەو بەو چارەنووسەی کە کۆتاییی گەڕانەکانی ئەو دەنوێنێ، بەمەش خاک بەقەد ئەوەی دەرفەتێکە بۆ کرانەوە لە بەردەم گەڕانی مرۆڤ بەدوای خۆی وەکو شوێنێکی پڕ لە ئارامی و حەسانەوە و ئاسایش وەکو شوێن ناکەوێتە ڕوو، چونکە ئەوە مرۆڤە بەدوای شوێنێک لە عەقڵ و بیرکردنەوەی خۆیدا دەگەڕێ زیاتر لەوەی لە خاکێک لەسەر زەمینێک بگەڕێ.

٢- مرۆڤ وەکو بەهایەکی دەروونی ترسی لە شوێن هەیە، ئەو ترسەش بەرجەستەبوونی تەنیایی خۆیەتی لە گەردوونێکی بەربڵاودا ئاشتبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ شوێن سارێژکردنی مانەوەیەتی لەسەر زەوی ئاخاوتنی ئەوە لەگەڵ ناخی خۆیدا کە شوێن لای ئەو مەیدانێکە یا بوارێکە بۆ بەنهێنیکردنی هەموو بوون، چونکە ئەو دەزانێ تەسلیمبوونی بەقەدەرییەتی. تیۆری زانستی مردنی هیواکانیەتی لەوەی کە مرۆڤ چۆن لە ڕەگەزێکی کاربۆنیی بایۆلۆژییەوە خوڵقاوە و هاتووەتە بوونەوە هەر ئاواش بەرەو ئەو یەکێتییەی ڕەگەزی بوون دەگەڕێتەوە بەرامبەر بەمەش ئەو دەزانێ کە گەڕانەوەی تەواوی بۆ قەدەرییەتی ئاینی هەروەها تەسلیمبوونیەتی بە بوونێکی ڕووحی کە هیچ یەکێک لە گومان و بیرکردنەوە و نادڵنیاییبوونەکان، هەردوو حاڵەت جۆرێک لە خامۆشبوون و دڵنیایی ناخەکی و دەروونی بەمرۆڤ دەبەخشن بەڵام هەروەها هەردوو لاش بەسەر یەکتردا لار دەبنەوە، ئەوەی زۆر ڕوونە مرۆڤ لەوەدا سەر ناکەوێ بە تەواوەتی نە ژیانێکی تەواو ڕووحی و گیانی بۆ خۆی هەڵبژێرێ و نە دەشتوانێ بەتەواوی ژیانێکی وا بەرێتە سەر کە تەسلیم بەقەدەری زەمینی و بایۆلۆژیی خۆی هەبێت تەنیاییەکەی وای لێ دەکەن کە ئەو تەنیاییبوونی دەیکاتە مرۆڤێکی گەڕیدە و

بێ شوێن، چونکە شوێن ئازارە بوونگەراییەکانی سارێژ ناکەن بەڵام هیوایەکی نادڵنیای لەمانەوە پێ دەبەخشن.

٣- مرۆڤ لە هەردوو ژیانی گیانی و فیزیکی - بایۆلۆژی خۆی ناکۆکە لەگەڵ سروشتی خۆی، ئەو کە چاوی لە شوێنێکی ئارام و بێ گرفتە ئەم هەستەی لە سروشتیدا مردن بەجارێک دەیکوژێنێتەوە و دووبارە لە شێوەی ژیاندا بەرهەمی دێنێتەوە. واتە گەڕانی مرۆڤ لە بیرکردنەوەیدا گەڕانی ئەوە بەدوای شوێنێک لە دەرەوەی ئەو واقیعەی ئەو لە وێستگەیەکی رووحی و زانستی دەهێڵنەوە ئاشکرایە ڕازینەبوونی ئەو بەو وێستگانە و نەمانەوەی لەوێ، دەلالەت لە یاخیبوونی عەقڵانیی ئەو دەکەن لە واقیعێک کە وەکو بەهایەکی مێژوویی و پاشخانی و گشتی ئەو بەرەو مانەوە دەبەن لە یەک شوێن و لە یەک بەهای مرۆیی و مانەوەیی شوێن.

٤- شوێن بەهای بیرکردنەوەی مرۆڤە لە پێناوی مانەوە و چاوەڕوانیکردن، چەمکی چاوەڕوانیکردن سارێژکردنی برینە قووڵەکانی جۆرێک لە بێهوودەیی ناخەکیی مرۆڤە لە شوێندا، چونکە هەر چاوەڕوانیکردنە کە لە ناهوشیاریی مرۆڤدا هێزی لە بیرکردنەوەی چارەنووسی مردنی پێ دەبەخشن و وای لێ دەکەن کە ئەو لە چاوەڕوانی ئەوەی بۆی هەیە ڕوو بدا و ئەوەی بۆی هەیە بێتە دی وەکو ئەگەرێک توانا و ئیرادەی ژیانی پێ دەبەخشن، چونکە مرۆڤ و شوێن دوو بوونەوەری یەک ژیان و یەک بۆشایین و پێکەوە بوونیان هەیە، چاوەڕوانیش هێزی مانەوەی مرۆڤە لە بووندا، هەروەکو چۆن چاوەڕوانی وەکو بەهایەکی فەلسەفی بە زەمەنێکی ڕێژەییەوە بەستراوەتەوە، واتە درێژبوونەوەی زەمەن بۆ دواخستنی گەورەترین ئازارە شاراوەکەی مرۆڤ کە مردنە، وا لە مرۆڤ دەکات لە ناخەوە بیری مردن لە ژیان و بیرکردنەوەی دەرکات و وەکو مرۆڤێک بژێت کە هەتا هەتایە بوونی دەبێت و هیچ نەبێ ئەو فەرامۆشییە زەمەنییەی کە وا لە مرۆڤ دەکات مەسەلەی دواخستنی لە مردن لە لایدا ببێتە مەسەلەیەکی دوور و مەحاڵ، مرۆڤ بۆ ئەوە ناژێ کە پاش زەمەنێک لە ژیان نامێنێ مرۆڤ بۆ ئەوە دەژی کە چاوەڕوانی دەکات، چاوەڕوانی لە ئازادبوون. چەمکی چاوەڕوانی لە بوونە فەلسەفییەکەوەی هەروەها وابەستەی بیرکردنەوە و ئاوەزی مرۆڤیش دەبێت لەو کاتەی مرۆڤ لە ناخەوە خەون بە ساتی ئازادبوونی خۆیەوە دەبینێ، ئازادبوون بەگەیشتن بەنهێنییەکانی بوونی خۆی، ئازادبوون بە نزیکبوونەوە و تێگەیشتن لە بوونی هێزێکی تاک و تەرا، ئازادبوون بەوەی گەشەسەندنی مرۆڤ بەرەو شوێن و ژیانێکی نوێی

دەبات، ئازادبوون بەوەی مرۆڤ هێزە شاراوەکانی ناوەوەی خۆی بدۆزێتەوە. کەواتە لە نێوانی شوێن و بیرکردنەوە چاوەڕوانی هێزی مانەوە بە مرۆڤ دەبەخشێ ئەو هێزەی لە نێو بازنەی گەردوونیی خۆی دەیهێڵێتەوە و هیوایەکی خەیاڵی و وەهمیی پێ دەبەخشێ.

## شوێن و ئازادییەکان




شوێن وەکو بەهایەکی فەلسەفی قەبووڵکردن و خۆڕاهێنانی مرۆڤە لە سنوورێکی دیاریکراوی پەیوەست بە بوونەوە، بەهایەکی فەلسەفییە لەو کاتەی شوێن لە ڕووە فیزیکییەکەوەی وابەستەی زەمەن دەبێت و لەوێوەش شوێن لە بوونە جوگرافییەکەی دەردەچێت و دەبێتە بەشێک لە جوگرافیای بیرکردنەوە و ئازادییەکانی مرۆڤ و گەڕانەکانی. شوێن بەهای ڕەتکردنەوە و قەبووڵکردنی ئەو وێستگانەیە کە مرۆڤ دەهێڵنەوە و سنوور بۆ دەرپەڕینە عەقڵی و دەرپەڕینە دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی دادەنێن، هەروەها بەهایەکی خۆڕاهێنانی لە دواوەیە بەو پێیەی شوێن هەمیشە گرفتارییەکە بۆ مانەوە و جێگیربوون، لەو کاتەی مرۆڤ بەشێک لە ڕابردووی خۆی لە شوێندا دەپارێزێ ئەو یادانەی کە مرۆڤ بۆ ماوەیەکی درێژ وابەستەی ڕابردووی شوێن دەکەن و وای لێ دەکەن بەشێک لە ناخی وەکو بەشێکی داگیرکراو وابێ و هەموو کاتێک بەسەریدا لار دەبێتەوە، هەموو ئەم بەهایانەش هۆکاری سەرەکیی ئازاد نەبوونی مرۆڤن لە چارەنووسی خۆی لە شوێندا. مرۆڤ لە پێناوی

گەڕان و ئازادییەکانی ناوەوەی خۆیدا گەورەترین کۆشک و دەسەڵات و شکۆمەندییەکان لە شوێندا دەخولقێنێ، شوێن ئاڵ و واڵا و ڕەنگاوڕەنگ و پیرۆز دەکات، بەڵام لە کۆتایی هەموو شتێکدا لە ناخەوە هەست بەخەم و نیگەرانییەکانی ناوەوەی خۆی دەکات چونکە شوێن وەڵامێکی ڕووحی و فەلسەفیی پێ نییە بۆ نیگەرانییەکانی ئامادەبوونی ئەو لە شوێندا، بۆ ئازادبوونیش لە چارەنووسی لە دایکبوون و مردن لە شوێندا مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو هەموو خولیا و ئالوودەیی و ئارەزووە ناخییەکانی بەرەو جێگەیەک دەبات کە لە دەرەوەی شوێنی خۆیدا، هیچ نەبێ لە ئامادەبوونی عەقڵی و فەلسەفیی خۆی، گەڕان و خولیای مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی گەردوونی و بیرکردنەوە لە شوێنی ژیان لە دەرەوەی زەوی، ئەو هێزە شاراوەیەی مرۆڤ کە بەرەو دەرەوەی شوێنی مردن و ژیانی خۆی دەبات. شوێنێک کە جێگەی فانتازیا و خەیاڵ و نهێنییەکانی بوونی خۆی دەبات، شوێنێک کە لە سەرەتایەتی و بوونایەتی خۆی نزیک دەکاتەوە، شوێنێک کە لە هێزی گەردوونیی نزیک دەکاتەوە، لە پاش هەموو ئەمانەش شوێنێک کە لە غوربەت و تەنیابوونی خۆی ئازادی دەکات. بەهەمان ئاست گەڕانی سۆفیگەرایی بۆ نزیکبوونەوە لە خواوەند جگە لە مەیلی گەڕانەوە و هاوبەشیکردن لە بوونە سەرەتاییەکەی پێش سزادانی مرۆڤ، هەروەها لە ڕووە فەلسەفی و تیۆلۆژییەکەوەی، دەرچوونە لەو مانایانەی کە ڕۆژانە شوێن بەرهەمیان دێنێ و دووبارەی دەکاتەوە لە زنجیرە هاتن و کۆتایی پێ هاتنێکی نەپساوەدا. سۆفیگەر لە حاڵەتی گۆشەگیری و لەرزی خۆ سڕینەوەدا، چی دیکە وەکو جەستە و نەوەکو بیرکردنەوە و عەقڵیش لە شوێن و ماناکانیدا نامێنێتەوە، ئەو چاوی لە شوێنێکە کە ئازادی بکا و لە هەموو مانا داسەپاوەکانی ژیان ڕزگاری بکات، ئەم جۆرە تێڕوانینە لە ئایندا بەرجەستە کراوە لەو کاتەی شوێن کە بەزاراوەی «ژیانی دنیا» هاتووە بەشوێنی گەمە و کات بەسەربردن ناو نراوە و دەرگاش لە مرۆڤ دەکاتەوە کە بە«هێزێک» لە جەمسەرەکانی نێو گەردووندا بگەڕێن، لە لایەکی دیکەوە لە ئاینی کریستیانیدا شوێن، بەمانای شوێنێک بۆ جەستەیە نەک بۆ ڕووح، لەو کاتەی مەسیح تەنیا جەستەیەکە لە خاچ دەدرێ و ڕۆحی ئازاد دەبێ، گرفت لە بەردەم ئاینەکان پەیوەست بەشوێنەوە لەوێدایە چۆن شوێن جێ بهێڵدرێ و چۆن سنوورەکانی شوێن تێک و پێک بدرێن و ئازادی لە شوێندا لە لای مرۆڤ فراوانتر بکرێتەوە، بەم پێیەش شوێن و گۆڕانەکانی ئەو هێزەیان تێدایە کە خەون و خولیا و ئارەزووەکانی مرۆڤ بگرنە خۆیان، شوێن توانای بەرهەم هێناوەی مانای تێدایە، شوێن فەزایەکە بۆ ئازادی، بەو مەرجەی مرۆڤ لە جەستەوە بچێتە بازنەی مانا ڕووحییەکانی

خۆیەوەی. ئەمە مانای گەڕانەوە نییە بۆ غەیبانییەتێک کە مرۆڤ و ئامادەبوونی چالاکانەی ئەو دەسڕێتەوە، بەڵکو ئەمە مانای گواستنەوەیەکی سەرەوەیی مرۆڤە لە شوێنی خوو پێوە گیراو و داسەپاو بەرەو شوێنێکی تازە و مانای تازە، هەر بۆیە سۆفیگەر کە لە دواییدا بەدرێژی دێینەوە سەری، مرۆڤێکە شوێن ڕەت دەکاتەوە لەو کاتەی ماناکانی شوێن ڕەت دەکاتەوە، ئەو مانایانەی کە ئەو دەکەنە مرۆڤێکی دیسیپلینکراوی ڕاهاتوو، مرۆڤێک کە خۆی دەداتە دەست چارەنووسەوە و ئیتر چارەنووس جێگیرە و زانراوە و لەبەر کراوە و کێشەی بنەڕەتیی سۆفیگەری و دەق، لەوێدایە لایەنگرانی دەق لە چاوەڕوانی و مردندا بە دووی شوێندا دەگەڕێن و ئەو گەڕانەوەیەش تەسلیم بەهێزی خودا دەکەن، لەو کاتەی لایەنگرانی سۆفیگەری دەیانەوێ لە ژیاندا بگەنە شوێنە ئازادەکان و لەو باوەڕەدان مرۆڤ لە ژیاندا دەتوانێ بۆ شوێنە ئازادەکان بگەڕێتەوە و هەر بە پشتبەستن بەدەق، بەڵام بە تێڕوانینی جیاواز بۆ دەق. لە لایەنە ئەدەبییەکەی دەشێ ڕۆمانسییەت بەهێزترین تەوژمی شیعری بێت کە مانەوە لە شوێنی چەسپاو ڕەت کاتەوە، لە دوو ڕووی گەڕان بەدوای ئەو دیوی واقیع، واتە ئەو دیوی شوێن و ماناکانی لە ڕێگەی وردبوونەوە لە مرۆڤ و سروشت و تەنانەت سەدەکانی ڕابردووش، هەروەها لە وردبوونەوە لەو شوێنانەی مرۆڤ دەگەیەننە ئاستی بوونەوەرێک کە دەیەوێ لە ماناکانی بوونی خۆی لە شوێندا تێ بگات، گەڕانەوە بۆ ماناکانی سەدەکانی ناوەڕاست و وردبوونەوە لە سروشت و دەرچوون بەرەو دەرەوەی شار، لەو هەستە ناخەکییەوە سەری هەڵداوە کە گەشەسەندنی ئاڵوگۆڕکاری نێوان مرۆڤ و شوێن کە دەرکەوتە گەورەکەی شارە، مرۆڤ لە مانا ڕووحی و فەلسەفییەکانی دوور دەخاتەوە و دەیکاتە مرۆڤێکی خوو گرتوو بەجوانییە وەهمییەکانی شوێنەوە، جگە لەمانەش گەشتە غەریبییەکانی مرۆڤ لە کیشوەر و وڵاتان و لە نێو گەلاندا هەمیشە گەڕانێک بووە بۆ دۆزینەوەی مانای نوێ لە شوێندا کە توانای ئەوەیان تێدا بێت مانا ئاسایی و چەسپاوەکانی ئامادەبوونی بەردەوام لە یەک شوێندا تێپەڕ بکەن، مرۆڤ لە هەستە شیعرییەکانیدا شوێن وەکو نامۆیی و داسەپاندن و مانای جێگیر تێیان دەڕوانێ، ئەو بەدوای جوگرافیایەک دەگەڕێت کە وێنە هەرە شاراوەکانی ناوەوەی خۆی تێیدا بدۆزێتەوە ئەو وێنانەی هەست بە بزربوونیان دەکات و لە خۆیدا نایانبینێ، سۆزەکانی شوێن، خەمەکانی شوێن، کامەرانییەکان، جوانییەکان، کارەساتەکان، چێژەکان، تەنیا وێنە کاتییەکانی مرۆڤن کە تێپەڕ دەبن و بە تەواوەتی دەربڕین لە هەست و بیرە قووڵەکانی ناکەن، هەر بۆیە ئەو وێستگانە، تەنیا وێستگەی زەمەنیی بچووک بچووکی ژیانی مرۆڤن کە

تێیدا وێنەی ڕاستەقینەی ئەو دەرناکەون، چونکە ئەو وێستگە ژیارییانە سروشتێکی بەردەوامیان لە بیرکردنەوەی مرۆڤدا نییە.

لە ئەفسانە و داستان و هەقایەتەکاندا، زەوی وەکو کیشوەرێکی نەناسراو وایە، پاڵەوان تێیدا بزر دەبێ، بۆیە شوێن بەهایەکی سیحری و ئەفسووناویی هەیە، زاراوەکانی شاری ئەجندان، دەرگای بەختەوەری، وڵاتی دێو، شاری پەرییان، ئەوسەری دنیا... هتد کۆمەڵێک جیهانن کە لە جیهانی ئاسایی مرۆڤ دەردەچن، جیهانێکن بەشێک لە ئازادییەکانی مرۆڤ داگیر دەکەن، تەنیا لەو ساتەدا ئەو ئازادییانە مەیسەر دەبن کە پاڵەوان سیحر و تەلیسم و نهێنییەکانیان ئاشکرا دەکا و بەسەریاندا زاڵ دەبێ، لەو کاتەی ئەو شوێنانە یا گیایەکی سیحرییان لێیە کە نەخۆشییەکی کوشندە یا جادوو و سیحر و تەلیسم بەتاڵ دەکاتەوە، یاخود خۆشەویستەکانی پاڵەوانیان تێدا ڕفێنراوە، یاخود هاوشێوەی بەهەشتێکن بۆ ژیانێکی نوێ، یاخود کلیل و جادوو و کتێب و کەسێکی حەکیمیان لێیە، نامۆبوونی مرۆڤ لە شوێن جۆرێک لە لەنگیی دابەشبوونە جوگرافیاییەکانە کە لەگەڵ دوا گەشتی گەورەی مرۆڤ لە لایەن کۆلۆمبسەوە ئەفسانەکان هەموو دەمرن، هەروەک دەبینین پاش گەشتە دووروردرێژەکانی مرۆڤ لەسەر زەوی گەشتی، گەشتەکانی بەرەو دەرەوەی زەوی و بەرەو ئاسمان و ئەستێرەکان دەبا و ئەم گەڕانانەش گەڕانێکن ڕێکخستنێکی مێژوویی بەدوای یەکدا هاتوو دەیانگرێتەوە و لە گەڕان لە شوێنی وڵاتێکەوە بۆ وڵاتانی دیکە، لە کیشوەر و دوورگەکانەوە بۆ کیشوەر و دوورگەی دیکە لە کیشوەریشەوە بەرەو ئاسمان و لە ئاسمانەوە بەرەو گەردوون. لە لایەکی دیکەشەوە هونەر، لە ڕێگەی گۆرانی و مۆسیقا لە زۆرترین ڕووەوە جۆرێک لە بانگەوازی ناخەکیی تێدایە کە لە چەند مانایەکی جیاوازەوە دەربڕین لە ئارەزووە ناخەکییەکانی مرۆڤ دەکەن لە گەڕان بەدوای ئەو شوێنانەی کە ئارامی و خۆشەویستی و ژیانیان لێ لە دایک دەبێت، ئەوانیش پەیوەست کراون بەدواندنی ئەو نهێنییانەی کە مرۆڤ بەدوایاندا دەگەڕێ و نایاندۆزێتەوە، هەمیشە دەنگە خەمبارەکانی مرۆڤ لە لاوانەوە و هاوار و گریان و دواندنە خودییەکانیدا، دەنگێکن بریندارن بە ئازارەکانی شوێن، ئەو ئازارانەی مرۆڤ لە قاوغێکی مەییوی ژیانی ڕۆژانەی گۆشەگیرکراودا دەهێڵنەوە، ئەو دەنگانە هارمۆنیایەکی ناخەکین کە بەرەو ڕووی گەردوون و هێزە بوونگەراییەکانی دەکرێنەوە، ئەو هێزانەی تەنیا لە ناهوشیاریدا دەرکیان پێ دەکەین و لە ژیانماندا بوونیان نییە، ئەمانە دەنگێکن بۆ ئازادبوون.